فایق زێدان داوای لە تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی کرد ئەنجامی کارەکانی هاوبەستی دەسەڵاتی دادوەری عێراق بکات

ئەمڕۆ یەکشەممە"فایق زێدان"سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،داوای لە تیمی تایبەتی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی (یونیتاد) کرد،کە ئەنجامی کارەکانی پشکنین بۆ دەسەڵاتی دادوەری عێراق بکات.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ "فایق زێدان " سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،پێشوازی لە "کریستیان ڤیتشر " سەرۆکی تیمی تایبەتی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی (یونیتاد)کرد و گفتوگۆیان لەبارەی ئەنجامی کارەکانی تیمەکە کرد لە ماوەی ساڵی 2023دا .

بەگوێرەی بەیاننامەکە "زێدان " جەختی لەوە کردەوە کە ئەنجامی کارەکانی تیمەکە و ئەو بەڵگانەی کە لە کاتی کارکردنی تیمەکەدا بەدەست گەیشتون دەبێت پشکنین بۆ دەسەڵاتی دادوەری عێراقی و دەستەی لێکۆڵینەوە بکرێت وەک دەسەڵاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە ئەنجام و بەڵگەکانی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی پێیوندییان بەوەوە هەیە.